## راهێنەری پێشمەرگەی سلێمانی:

# خولی کوردستانم لە خولی عێراق لا پیرۆزترە

**راهێنەری لاو (سەردار سالّح) راهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی لەسەر دەستی ئەو ئەمساڵ یانەکەی گەیاندە خولی پلە نایابەکانی عێراق و راهێنەرێکی وردو بە ئەزموونەو لەڕووی کەسێتیشەوە خاوەنی ئاکارێکی ئێجگار بەرزە، سەبارەت بە پلانی نوێی بۆ وەرزی نوێ دیدارێکم لەگەڵدا ئەنجامدا.**

**دیمانە: ئاوات مەحمود سەعید: سلێمانی**

*** دوای سەرکەوتنتان بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق، بۆ بەشداریکردنتان لە وەرزی ئەمساڵ چ پلانێکتان بە دەستەوەیە تا جێبەجێ بکەن و پارێزگاری لەو دەسکەوتەتان بکەن؟**

– لەبەرنامەماندا نییە کە هیچ یاریزانێکی هاوردە بهێنین و هەر بە یاریزانە کوردەکانەوە بەشداری دەکەین، کێشەمان نییە یاریزانی یانەکانی دیکەی کوردستان بهێنین ئەگەر کورد بن و ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە بە پێکهاتەیەکی کوردەوە بەشداری بکەین و بوار بە گەنجەکانی خۆمان بدەین.

*** بەڵام تۆ پێتوایە تەنها بە یاریزانی کوردەوە بتوانیت کێبڕکێی یانە بەهێزەکانی عێراق و کوردستان بکەیت و یانەکەتان بمێنێتەوە لە خولی نایاب؟**

– خۆت دەزانیت ئەگەر یەکەم ساڵ سەرکەویت ئەنجام قورسە، بەڵام بەرنامەی ئێمە ئەمساڵ تەنها ئەوەیە لە خولی پلە نایابی عێراق بمێنینەوەو خۆڕاگر بین و ساڵی داهاتوو بتوانین ئیشی باشتری بۆ بکەین و زۆریش گەشبینین بەوە.

*** واتە تۆ پێت وایە ئەمساڵ دەمێننەوە؟**

– ئومێدمان هەیە بتوانین خۆڕاگر بین و بمێنینەوە.

*** بۆ هەردوو خولی عێراق و کوردستانیش هەر بەیەک تیپ بەشداری دەکەن، ئایا تۆ ئەرکی راهێنەرایەتی بۆ هەردوو خولەکە ئەگریتە ئەستۆ؟**

– لە راستیدا من خولی کوردستانم بەلاوە پیرۆزترە لە خولی عێراق، ئەگەر واز لە خولی عێراق بهێنم واز لە خولی کوردستان ناهێنم، چونکە خولی کوردستانم بەلاوە پیرۆترە، وەیانەش هەر ئێمەی داناوەتەوە بۆ هەردوو خولەکە.

*** بەڵام ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە یاریزانەکانتان هیلاک دەبن و ناتوانن لە دوو خولدا بەشداری بکەن و ناترسن وەکو یانەی سلێمانیتان لێ بێت؟**



سەردار سالّح

– خۆی لە راستیدا قسەکانی تۆ تەواوە، بەڵام ئێمەش ئەوە چەند ساڵێکە تەزحییەیەکی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی کە بوار بە یاریزانەکانی خۆمان بدەین زیاتر یاری بکەن، دەشمانەوێت لەو قوربانیدانە هەر بەردەوام بین، دەتوانین ئێمەش بچین بیست یاریزان بهێنین، بەڵام بێسوودە کە لە خولی کوردستان بە کۆمەڵێکەوە یاری بکەم و لە خولی عێراق بواری کۆمەڵێک لە گەنجەکان نەدەم ئەی کەی دەربکەون، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە یاریزانی خۆمان دەربکەوێت بناغەیەک دابنێین تا بتوانین چەند ساڵێکی دیکە وامان لێبێت یانەکانی هەولێرو دهۆک و کەرکووک پێویستییان بە یاریزانانی سلێمانی بێت نەک ئێمە بچین لەوێ یاریزان بهێنین وەبەرنامەشمان هەیە کە چوار تا پێنج یاریزانی دیکەی یانە کوردییەکان بهێنین، ئێستا دوو یاریزانی یانەی هەندرێنمان لەلایە کە (بەرزان شێرزادو دارا سالّح)ن، بە نیازین سێ یاریزانی دیکەش بهێنین و لەگەڵ ئەوانەی خۆماندا هاوکارمان بن و لە هەردوو خولی کوردستان و عێراقدا بەو یاریزانانەوە بەشداری بکەین.

*** بەنیازن لەگەڵ چ یاریزانێکی دیکەدا بۆند بکەن؟**

– بەنیازین لەگەڵ دوو یاریزانی ئارارات و یاریزانێکی هەولێر بۆند بکەین کە (هەوراز و دلۆڤان شینۆو ئاراس) ئەگەر یانەکانیان رێگەیان پێبدەن بۆندیان لەگەڵ دەکەین.

*** تا ئێستا لە چ هێلێکدا زیاتر پێویستیت بە یاریزان هەیە؟**

– پار هەر چەندە یاریزانی باشمان زۆر هەبوو وەکو (هۆشمەند جەلال) کە گۆڵکەری خولی کوردستان بوو (دڵشاد عومەر، محەمەد عەبدوڵڵا، هاوکار حوسێن، کامەران سالار) ئەمانە کە هێرشبەر بوون لە تیپەکەماندا یاریزانی باشن، بەڵام پار سەرکەوتوو نەبوون و پار کێشەی سەرەکیمان گۆڵکەر بوو، ئەمساڵ ئەو کێشەیەمان هەر هەبوو وە بنبڕمان کردووەو بەرەو باشی دەڕۆین و تیپەکەمان لە ئاستێکی باشدایە هەر چەندە کەموکوڕیش هەر دەبێت ئیتر هەوڵ دەدەین چارەسەری هەموو کەموکورییەکان بکەین.

*** دەستەی کارگێڕی یانەکەتان تا چەند هاوکارتان بوون؟**

– سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانە دەکەم لەڕووی مادی و مەعنەوییەوەو پاڵپشتمان بوون بە هەموو شێوەیەک، ئیتر گرنگ نییە کەم تا زۆر گرنگ ئەوەیە هاوکارمان بوون.

*** ئێوە ئەمساڵ لە خولی عێراق یاری دەکەن و هاندەرتان زۆر زیاتر دەبێت و یاریگاکەتان کە لەناو فەرماندەییە زۆر دوورە، بیرتان لەوە نەکردۆتەوە لەبەر هاندەرانتان یارییەکانی خولی عێراقتان بهێننە یەکێک لە یاریگاکانی ناو شارەوە؟**

– منیش ئەوەم پێخۆشە کە یارییەکانمان لە یەکێک لە یاریگاکانی ناو شار بکەین لەبەرئەوەی یاریگای ناو فەرماندەیی زۆر دوورە، یانەی نەورۆز دەتوانن کە دوو یاریگایان هەیە رێگەمان بدەن لە یەکێک لە یاریگاکانیان یارییەکانمان بکەین، ئەگەر ئەو ئاسانکارییەمان بۆ بکەن زۆر سوپاسیان دەکەین، ئێمەش پێمان خۆشەو هەم بۆ خەڵکەکە باشترە کە شوێنەکەی نزیکە، هەم گەشبینیشم کە ئەمساڵ سێ یانەی شاری سلێمانی لە خولی نایابی عێراقدا بەشداری دەکات و گەشبینم و چاوەڕوانم کە ئەمساڵ هاندەرێکی زۆر روو دەکەنە یاریگاکان.

## سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتی بۆ ( گوڵان ):
# بەنیازین چەند یارییەکی وەرزشی تازە دروست بکەین

**راپۆرت: محەمەد سەردار**

**دوابەدوای پرۆسەی هەڵبژاردنی یانەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لێژنەیەکی باڵای وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یانەی وەرزشی برایەتی -ش یەکێک بوو لەو یانانەی کە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری ئەنجامدا، ئەوە بوو بەڕێز ( د.سامی عەزیز) بەسەرۆکی تازەی یانەکە هەڵبژێردرا، فایلی وەرزشی لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان دوای پیرۆزبایکردن لە سەرۆکی تازەی یانەکە، پاشان لێی پرسی دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی یانەکان، ئێوە وەک یانەی وەرزشی برایەتی چی تازەتان لەبەرنامەدایە، ئەوە بوو بەڕێزیان گوتی:** دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، ئێمە چوار کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی پووخت بۆ ئیشوکار و پێشخستنی یانەکە دابنێین، کە یەکێک لەوانە زیادکردنی چەند یارییەکی وەرزشییە وەک باڵەی کوڕان و کچان و باسکەی کوڕان و تۆپی دەست، چونکە ئەم یارییە وەرزشییانە وەرزشوان و جەماوەری تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها بۆ پێشخستنی یاری تۆپی پێ، یانەکەمان لێژنەیەکی پسپۆڕی وەرزشیمان لەدەرەوەی یانەکە دەست نیشانکردووە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان بتوانین تیپێکی بەهێز دروست بکەین، چونکە لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە یاری تۆپی پێ یەکێکە لەیارییە دیار و بەرچاوەکان کە جەماوەری تایبەتی خۆی لە هەموو دنیادا هەیە، جگەلەمەش کاتی خۆی یانەی برایەتی باشترین تیپی تۆپی پێی هەبوو، بۆیە دەمانەوێ کارێکی وا بکەین ئاستی ئەم تیپە جارێکی دیکە بگێڕینەوە ئاستی پێشووی، **دواجار د.سامی سەرۆکی یانەی وەرزشی برایەتی گوتی:** زۆر شانازی بەوەش دەکەین کە ئێمە چەندین یاری دیکەی وەرزشیمان لەیانەکەدا هەیە کە گرنگترینیان یاری شەترەنجە کە ئێمە لەو وەرزشەدا لە پلە نایابی کوردستان و عێراقین، بۆیە دەبێ لەمەودوا بایەخێکی تایبەتی بەو یارییە و یارییە تاکەکانی دیکە بدەین.

**بۆ پێشخستنی یاری تۆپی پێی یانەکەمان، لێژنەیەکی پسپۆڕی وەرزشیمان لەدەرەوەی یانەکە پێکهێناوە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمان بتوانین تیپێکی بەهێز دروست بکەین**



## باقسەیەکیش بۆ گورگ بکەین



**محەمەد سەعید کوردە**

من بە پێچەوانەی هەمووان و دوور لە هەموو مەبەستێک حەزدەکەم وەک بەرگری کردنێک لە راهێنەری یانەی هەولێر (سائیر ئەحمەد) قسەیەک بۆ گورگ بکەم، چونکە هەردوای دۆڕاندنی یانەکەی بەرامبەر کوێتی کوێتی دراوەتەبەر تیری رەخنە، بەتایبەتی هەندێک قسە لەپلانی ئەو راهێنەرە دەکەن، رەنگە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان لە ئەلف و بێی مەشق و راهێنان نەبێت، دیارە هەموو راهێنەرێک خەونی گەورەی ئەوەیە پلانەکەی بەرهەمدار بێت و تیپەکەی بباتەوە، بەڵام لە هەمووشی گرنگتر جێبەجێکردنی ئەو پلانەیە کە لەلایەن خودی ئەو راهێنەرە بەرلەدەست پێکردنی یارییەکە نەخشەی بۆ دەکێشێو وەک سەرۆکی یانەی هەولێر گوتەنی راهێنەر قوڕی کوێ بەسەر خۆی بکات کە یاریزانەکانی هێندە گۆڵە بە فیرۆ بدەن و گۆڵی تێدا تۆمار نەکەن!!

پاشان دەمەوێ یەک راستی بخەمەڕوو ئەویش دۆڕاندنی یانەی هەولێر یان هەریانەیەکی دیکە کۆتایی دنیا نییە بەو شێوەیە خۆمان پێ سەرقاڵ بکەین، چونکە لەیارییەکی کاریگەر و چارەنووسیدا هەردەبێ یەکێک بباتەوە و یەکێکی دیکەش ماڵئاوایی بکات، بەڵام ئەگەر ئێمە کەمێک بەویژدانەوە قسە بکەین و پەنجە لەسەر گرفتە سەرەکییە دابنێین دەبێ زۆر بەراشکاوییەوە ئەوەش بڵێین کە یانەی هەولێر هێرشبەری قەناسی نییە، بۆیە رۆژی بەو رۆژە گەیشت، ئەم رایەشمان مانای ئەوە نییە راهێنەر ئۆباڵی بەشێک لە دۆڕاندنەکەی ناکەوێتە ئەستۆ، بەڵام بەوشێوەیەش نییە کە هەندێک لە رۆژنامەنووسە وەرزشییەکان شیر و تیریان لێ دەست داوەتێ و واهەست دەکەن ئیدی خودا ناردی بابەتی مانگێکیان دەستکەوت، باشترین گەواهیش بۆ ئەمەیان مانەوەی راهێنەرە لە پۆستەکەی.

kurda.muhamad@yahoo.com




# لە میانی یارییەکانی جەولەی دووەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان
# لە شاری سلێمانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی میوانداری یانەی دهۆک دەکات


یانەی پێشمەرگەی سلێمانی


یانەی دهۆک

رۆژی پێنج شەممەی داهاتوو ١٥/١٠/٢٠٠٩ لە جەولەی دووەمی قۆناغی یەکەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان لە یاریگای پێشمەرگەی سلێمانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی میوانداری یانەی دهۆک دەکات هەردوو یانە لە جەولەی یەکەم هەریەکەو بردنەوەیەکیان هەیە رکابەری لەسەر یەکەمی ریزبەند دەکەن.

**لە هەمان رۆژ چەندین یاری دیکە لە شارە جیاجیاکان کوردستان ئەنجام دەدرێت:**

لە شاری سلێمانی یانەی خاک لە یاریگای خۆی میوانداری یانەی سیروانی نوێ دەکات، یانەی نەورۆزیش میوانداری یانەی سەورە دەکات.

لە شاری هەولێر لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری یانەی هەولێر میوانداری یانەی پێرس دەکات و یانەی بروسک میوانداری یانەی هندرێن دەکات.

لە شاری کەرکوکیش یانەی کەرکووک میوانداری یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکات، لە شاری کەلاریش یانەی شێروانە میوانداری یانەی ئارارات دەکات.

**ئەمەش ئەنجامی یارییەکانی جەولەی یەکەمی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان:**

- یانەی سەورە × یانەی خاک ٠-١
- یانەی سیروانی نوێ × یانەی پێرس ١-١
- یانەی هندرێن × یانەی نەورۆز ١-١
- یانەی پێشمەرگەی هەولێر × هەولێر ٠-٠
- یانەی ئارارات × یانەی بروسک ١-١
- یانەی پێشمەرگەی سلێمانی × کەرکووک ٣ ١٠
- یانەی دهۆک × یانەی شێروانە ١-٠

**ئا: ئەلەند کاوە**

## پۆلینکارییەک لە نێوان میسی و ڕۆناڵدۆ





رۆژنامەی مارکای وەرزشی ئیسپانی هەڵساوە بە ئەنجامدانی پۆڵینکارییەک لە نێوان هەردوو سوپەر ستاری جیهان و لالیگا ((لیۆنێل میسی ئەرژەنتینی وکریستیانۆ رۆناڵدۆ))ی پورتوگالی کە پۆڵێنکارییەکە ئاستی هەردوو یاریزان پۆلێن و شی دەکاتەوە لە چوار هەفتەی ڕابردووی خولی ئیسپانیا.

میسی و رۆناڵدۆ یەکسانن لە تۆمارکردنی گۆڵ و هەردووکیان یەکەو پێنج گۆڵیان تۆمارکردووە، وە رۆناڵدۆ بەشداری لە چوار یارییدا کردووە و لە یەک یارییدا بەشێوەی سەرەکی نەبووە، یارییەکەش بەرامبەر یانەی ئیسپانیۆل بوو، وە ٢٨٣ خولەک یاری کردووە بەگشتی، بەڵام میسی تەنها لە ٣ یارییدا بەشداریکردووە، کە دەکاتە ١٨٥ خولەک و ٩٨ خولەک کەمتر لە رۆناڵدۆ.

رۆناڵدۆ ٢١ لێدانی ئاراستەی گۆڵی بەرامبەر کردووە، تیایدا ٩ لێدانی بۆ ناوگۆڵ بووە. بەڵام میسی ٨ لێدانی ئاراستەی گۆڵ کردووە و تیایدا ٦ لێدانی بۆ ناو گۆڵ بووە، رۆناڵدۆ لەناو یاریگا زیاتر لە ٢٠ جار تۆپی بەهەڵە گواستۆتەوە، بەڵام لیۆنێل میسی تەنها پێنج جار هەڵەی کردووە، لە ڕووی دروستکاریەوە: کریستسانۆ رۆناڵدۆ ٩ تۆپی ئامادەکردووە بەڵام بەبێ بەرهەم و بێ ئەوەی گۆڵی لێ دروست ببێت. بەڵام میسی ٣ تۆپی ئامادەکردووە و تیایدا ٢ گۆڵی لێ تۆمارکراوە، بە گشتی سەرکەوتوویی میسی لە هێرشبردن بە ڕێژەی ٦٢٪ دەبێت، وە ڕێژەی سەرکەوتنی رۆناڵدۆ لە هێڵی پێشەوە ٢٣٪ دەبێت. وە ڕێژەی سەرکەوتنی میسی لە یاریکردن بەتۆپ بەرامبەر گۆڵ ٧٥٪ دەبێت،ڕێژەی رۆناڵدۆ ٤٢٪ دەکات، بەپێی ئەم پۆڵێنکارییە دەردەکەوێت کەوا لیۆنێل میسی لەم چەند یارییەی ڕابردوودا زۆر باشتر دەرکەوتووە.

**ئا: شیڤان شێرزاد**




## دوو هەواڵی جیهانی

ئا: سەهەند یاسین

# ئەرژەنتینییەکان حەز بە رۆیشتنی مارادۆنا دەکەن.. هەتا ئەگەر تیپەکەشیان سەرکەوت بۆ جامی جیهان



بە گوێرەی راپرسییەک کە ئەنجامەکەی بڵاوکرایەوە، ئەرژەنتینییەکان حەز بە رۆیشتنی مارادۆنا دەکەن هەتا ئەگەر تیپەکەیان سەرکەوت بۆ جامی جیهانی ٢٠١٠ کە لە باشووری ئەفریقیا بەڕێوەدەچێت.

ئەم راپرسییەش لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجامدرا بە یارمەتی رۆژنامەی«ئولی» کە رۆژنامەیەکی رۆژانەی وەرزشییەو بەربڵاوترین رۆژنامەی ئەم وڵاتەیە نزیکەی ٦٤ لە سەدا لە بەشداربووان دەنگیان لەسەر ئەوەدا کە مارادۆنا تیپەکە جێبهێڵێت کە ژمارەیان گەیشتە ٨٨ هەزار کەس، بە پێچەوانەی ٣٦,١ لە سەدا دەنگیان بۆ ئەوەدا کە مارادۆنا بەردەوام بێت لەگەڵ تیپەکەیان ئەمەش وەک وەفایەک بۆ ئەستێرەی وڵاتەکەیان کە جامی جیهانی ساڵی ١٩٨٦ لە مەکسیک بەرزکردەوە.

ئەرژەنتین تووشی زنجیرەیەک دۆڕاندن هاتووەو مەترسی ئەوەی هەیە کە بۆ یەکەمین جار لە وەتەی ساڵی ١٩٧٠وە بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە نەکات.

# تیروپشکی جامی شای ئیسپانیاو دوو رووبەڕووبوونەوەی ئاسان بۆ هەریەک لە ریال مەدریدو بەرشلۆنە

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا ئەنجامی تیروپشکی خولی ٣٢ ی جامی شای ئیسپانیای راگەیاند، کە هەردوو تیپە گەورەکەی لیگا رووبەڕووی دوو تیپی پلە دوو دەبنەوە.

بەرشلۆنە پاڵەوانی کێبڕکێیەکە بەرامبەر یانەی لیونیسا یاریدەکات، هەروەها ریال مەدرید بەرامبەر یانەی کۆرکۆن یاریدەکات، بەهەمان شێوە فالینسیا بەرامبەر دیبورتیفۆ ئەلکویانۆ، هەروەها ئەشبیلیە بەرامبەر سیوداد لۆریک یاریدەکەن.

بە پێچەوانەوە هەندێک لە یانەکان هاوئاستن وەکو رووبەڕووبوونەوەی خیتافی بەرامبەر ئسپانیۆل و بەلەد وەلید بەرامبەر مایۆرکا.

یارییەکانی چوونی ئەم پاڵەوانێتییە لە ٢٨ ئەم مانگە بەڕێوەدەچن، وە یارییەکانی هاتن لە ١٠و١١ مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچن، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە.

لیونیسا- بەرشلۆنە
کۆرکۆن- ریال مەدرید
سیوداد لۆریک- ئەشبیلیە
دیبورتیفۆ ئەلکویانۆ- فالنسیا
ماربیلا- ئەتلەتیکۆ مەدرید
بۆیر تۆلانۆ- فیاریال
خیتافی- ئیسپانیۆل
سەرەقستە- مەلەگا
بەلەد وەلید- مایۆرکا
رایۆ فالیکانۆ- ئەتلەتیکۆ بلباو
هیلکۆریس- ئەلمیریا
خێریس- ئۆساسۆنا
ریال مۆرسیا- دیبورتیفۆ لاکرۆنیا
سلتافیگۆ- تنریفی
سالامانگا- راسینگ سانتاندیر
رکریاتیفۆ- سبۆرتینگ خیخۆن.